# پێداویستیەكانی وەرگرتنی فۆرم(پاڵەوانان) لە كۆلێژی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشیەكان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤ – ٢٠٢٥)

١- قوتابی دەرچووی پۆلی دوازدەی ( زانستی ، وێژەیی) بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٣ – ٢٠٢٤) بێت.

٢- یاریزانی هەڵبژاردەكانی ( كوردستان و عیراق) وەكو پاڵەوان هەژماردەكرێن ، پێنج ساڵ تێپەڕ نەبوبێت بەسەر دوا بەشداری لە ڕیزی هەڵبژاردەكە تاكو بەرواری پێشكەشكردنی داواكاری وەرگرتن لە كۆلێژ.

٣- پلەی یەكەم تا سێ یەمی بەدەست هێنا بێ لەسەر ئاستی ( عیراق ، هەرێمی كوردستان) بۆ یاریيە تاك و تیمیەكان ، پێنج ساڵ تێپەڕ نەبوو بێ بەسەر پاڵەوانیەتیەكەی تاكو بەرواری پێشكەشكردنی داواكاری وەرگرتن لە كۆلێژ.

٤- پلەی یەكەمی بەدەست هێنا بێ لەسەر ئاستی (پەروەردە پارێزگا وئیدارە سەربەخۆكان) بۆ یاریيە تاك وتیمی یەكان ، پێنج ساڵ تێپەڕ نەبوو بێ بەسەر پاڵەوانیەتیەكەی تاكو بەرواری پێشكەشكردنی داواكاری وەرگرتن لە كۆلێژ.

٥- نوسراوی فەرمی بێێ لە (لێژنەی ئۆلۆمپی كوردستان و عیراق ، چالاكی وەرزشی قوتابخانەكان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش ولاوان) بیسەلمێنێ پاڵەوانە (بە دۆكیومێنت وەك :میدالیا و وێنە....هتد).

٦- تەمەنی لە (٣٠) ساڵ زیاتر نەبێت واتە لە دایك بووی (١٩٩٤).

٧- دەرجووانی دوازدەی (زانسی ، وێژەیی)لەكاتی فۆرم وەرگرتن پێویستە ( ئاسنامە)ی تاقیكردنەوەی پۆلی دوازدەی لە لا بێت لەگەڵ وێنەیەكی معاملات بە پێچەوانەوە فۆرمی پێنادرێت ، پاڵەوان ڕەچاوی كۆنمرە ناكرێت تەنها دەرجوو بێت لە پۆلی دوازدە.

٨- قوتابی دەبێت دەرچووی قوتابخانەكانی سنوری هەرێمی كوردستان بێت یان ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی هەرێم بە مەرجێك تاقیكردنەوەكانی بەپێی سیستەمی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی كوردستان بێت.

٩- قوتابی خوێندنی پیشەیی .پیشەسازی، بازرگانی كشتوكاڵ ، گەشتوگوزار) دەبێ تێكرای كۆنمرەی (٦٠٪) كەمتر نەبێت.

١٠-پێویستە قوتابی مەرجە پزیشكیەكان تێپەڕێنێ.

١١- ماوەی دابەش كردنی فۆرم (٢٠٢٤/٨/١١) تاكو (٢٠٢٤/٨/٢٩) لە كاتژمێر (٩ بۆ ١٢) ی نیوەڕۆ.

لێژنەی دابەشكردنی فۆرم

٢٠٢٤/٨/٧

زانكۆی سەلاحەددین/ هەولێر
( تۆمار )
كۆلێژی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشیەكان

# پێداویستیەکانی وەرگرتنی فۆرم (پاڕالێل)لە کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشیەکان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤ – ٢٠٢٥)

١- قوتابی دەرچووی پۆلی دوازدەی ( زانستی ، وێژەیی) بۆ ساڵانی(٢٠١٩-٢٠٢٠ -٢٠٢٠)و(٢٠٢٠-٢٠٢١-٢٠٢١) و (٢٠٢١-٢٠٢٢-٢٠٢٢)و (٢٠٢٢-٢٠٢٣-٢٠٢٣)و ( ٢٠٢٣ – ٢٠٢٤).

٢- قوتابی تەمەنی لە (٣٠) ساڵ زیاتر نەبێت واتە لە دایك بووی (١٩٩٤).

٣- دەرچووانی دوازدەی (زانسی ، وێژەیی)لەکاتی فۆرم وەرگرتن پێویستە ( ناسنامە)ی تاقیکردنەوەی پۆلی دوازدەی لە لا بێت لەگەڵ وێنەیەکی معاملات بە پێچەوانەوە فۆرمی پێنادرێت.

٤- دەرچووانی کۆلێژ وپەیمانگا حکومیەکان دەتوانن درێژە بەخوێندن بدەن لە کۆلێژەکەمان بە سیستەمی پاڕالێل ، دەرچووی پۆلی دوازدەی (زانستی و وێژەیی)یی، بەمەرجێك پێنج ساڵ تێپەڕ نەبووبێت بەسەر دەرچوونی لە پۆلی دوازدە.

٥- قوتابی دەبێت دەرچووی قوتابخانەکانی سنوری هەرێمی کوردستان بێت یان ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بە مەرجێك تاقیکردنەوەکانی بەپێی سیستەمی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بێت.

٦- پێویستە قوتابی مەرجە پزیشکیەکان تێپەڕێنێ.

٧- ماوەی دابەش کردنی فۆرم (٢٠٢٤/٨/١١) تاکو (٢٠٢٤/٨/٢٩) لە کاتژمێر (٩ بۆ ١٢) ی نیوەڕۆ.

لێژنەی دابەشکردنی فۆرم

٢٠٢٤/٨/٧

زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر
( تۆمار )
کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشیەکان - تۆمار

## پێداویستیەکانی وەرگرتنی فۆڕم لە کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشیەکان بۆ سالی خوێندنی (٢٠٢٤ – ٢٠٢٥)

١- قوتابی دەرچووی پۆلی دوازدەی ( زانستی ، وێژەیی) بۆ سالانی ( ٢٠٢٣ – ٢٠٢٤) ، دەرچووی ( ٢٠٢٢ – ٢٠٢٣) لە هیچ شوێنێك وەرنەگیرابێت ونوسراوی فەرمی قوتابخانە ئەمە بسەلمێنێ.

٢- قوتابی تەمەنی لە (٢٥) سال زیاتر نەبێت واتە لە دایك بووی (١٩٩٩).

٣- دەرچووانی دوازدەی (زانسی ، وێژەیی)لەکاتی فۆرم وەرگرتن پێویستە ( ناسنامە)ی تاقیکردنەوەی پۆلی دوازدەی لە لا بێت لەگەل وێنەیەکی معاملات بە پێچەوانەوە فۆرمی پێنادرێت ، دەبێ ئەنجامی تاقیکردنەوەی پێ بێت و کۆنمرەی نابێ کەمتر بێت لە (٣٨٥) واتە ٥٥٪.

٤- قوتابی دەبێت دەرچووی قوتابخانەکانی سنوری هەرێمی کوردستان بێت یان ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بە مەرجێك تاقیکردنەوەکانی بەپێی سیستەمی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بێت.

٥- پێویستە قوتابی مەرجە پزیشکیەکان تێبەرێنێ.

٦- ماوەی دابەش کردنی فۆڕم (٢٠٢٤/٨/١١) تاکو (٢٠٢٤/٨/٢٩) لە کاتژمێر (٩ بۆ ١٢) ی نیوەڕۆ.

لێژنەی دابەشکردنی فۆڕم

٢٠٢٤/٨/٧

زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر
( تۆمار )
کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشیەکان

## پێداویستیەکانی وەرگرتنی فۆرم(پەیمانگا وەرزشی یە حکومیەکان) لە کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشیەکان بۆ سالی خوێندنی (٢٠٢٤ – ٢٠٢٥)

١- قوتابی دەرچووی سالی( ٢٠٢٣ – ٢٠٢٤ ) بێت.

٢- دەرچووانی پەیمانگا وەرزشیە حکومیەکان نابێت کۆنمرەیان لە (٦٠٪) کەمتر بێت.

٣- دەرچووانی پەیمانگا وەرزشیە حکومیەکان کۆنمرەیان لە (٦٠٪) کەمتر بێت.بەسیستەمی پارالیل وەردەگیرێن.

٤- قوتابی تەمەنی لە (٢٥) سال زیاتر نەبێت واتە لە دایك بووی (١٩٩٩).

٥- پێویستە قوتابی مەرجە پزیشکیەکان تێپەڕێنێ.

٦- ماوەی دابەش کردنی فۆرم (٢٠٢٤/٨/١١) تاکو (٢٠٢٤/٨/٢٩) لە کاتژمێر (٩ بۆ ١٢) ی نیوەڕۆ.

---

## پێداویستیەکانی وەرگرتنی فۆرم(پەیمانگا وەرزشیە ناحکومیەکان) لە کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشیەکان بۆ سالی خوێندنی (٢٠٢٤ – ٢٠٢٥) سیستەمی (پاراڵێل)

١- قوتابی دەرچووی سالی( ٢٠٢٣ – ٢٠٢٤ ) بێت.

٢- دەرچووانی پەیمانگا وەرزشیە ناحکومیەکان نابێت کۆنمرەیان لە (٦٠٪) کەمتر بێت.

٣- قوتابی تەمەنی لە (٣٠) سال زیاتر نەبێت واتە لە دایك بووی (١٩٩٤).

٤- پێویستە قوتابی مەرجە پزیشکیەکان تێپەڕێنێ.

٥- ماوەی دابەش کردنی فۆرم (٢٠٢٤/٨/١١) تاکو (٢٠٢٤/٨/٢٩) لە کاتژمێر (٩ بۆ ١٢) ی نیوەڕۆ.

زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر
( تۆمار )
کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشیەکان

**لێژنەی دابەشکردنی فۆرم**

**٢٠٢٤/٨/٧**